# بیری ئازاد و بازاڕی ئازاد

نووسینی : ئەوڕەحمان مەلا سەعید زەنگنە

## بەشی سێیەم

لە گەرمەی دەسەڵاتی پڕ زەبری ئاگر و ئاسنەکەی سەدامی لەخۆبایی بوودا ، سێ لاوی شۆخی بە دیمەن وەرزشکاری خوێن گەرم لە گەڕەکی مەنسووری بەغدا ، یەکێکیان لەمسەرەوە نزیکی گۆڕەپانەکەی چواردەی ڕەمەزان و دووەمیان لە ناوەندا نزیک بە ئۆرزدیباکەکە و سێیەمیان لەوسەرەوە ، بە پۆشینی تەواوی جلی وەرزشکاری مارکە ئەدیداسەوە لەگەڵ گورگە غاردا گوێبیستی مۆسیقای بە ڕواڵەت تەسجیلێکی بچووکی بەرباخەڵ و لە هەمان کاتیشدا مۆبیلی تەلەفوونێکی دانسقەی ئەوتۆ بوون ،کە بە تایبەتی بۆ ئەنجامدانی ئەو تەرزە کار و ڕاسپاردە تایەکارانە درووست کرابوون ، سات لە دوای سات ئاگایان لە ڕەوشی جموجووڵی دەوروبەر و بە یەکدیشەوە هەبوو ، کە بە هۆی ئەو موبیلانەوە هەرسێکیانی بە یەکدییەوە بەستبووەوە ، بە قەد تۆزقاڵێکیش چییە گومانی ئەوەیان لێ نەدەکرا کە وەرزشکار نەبن . هەردوو لاوەکەی ئەمسەر و ئەوسەر ، کاری چاودێریکردنیان لە لایەن حیزبی ( دەعوە )کەی کاک ئیبراهیم جەعفەرییەوە پێ سپێردرابوون . ( عودەی ) کوڕە گەورەی فیرعەونی سەردەم سەددام حوسێن چاشتەنگانان بە مەبەستی ڕاوە ژن و کچۆڵەی جوانەوە ، گەڕەکی مەنسووری بەغدای کردبووە مۆڵگای نێچیرەکانی خۆی ، هەر کە جەنابی ناموبارەکی دەردەکەوێ ، لاوەکەی ئەمسەر بە موبیل ئەوی ناوەڕاست لە ڕەوشەکە ئاگادار دەکاتەوە و ئەویش بە دەم غارغارێنەوە لە چاوەچاوەی گەیشتنی عودەیدا دەبێ و هەر کە دەگاتە ئاستی ئەو ، لە کاتی پێویستدا جانتا ئەدیداسەکەی کۆڵی دادەگرێ و لیی دێتە کار و دەیداتە بەر دەسترێژ ، بە پێی ئەو نەخشەیەی کە پێشوەخت بۆیان کێشرابوو هەرسێکیشیان بە سەلامەتی لە پاش بە ئەنجامگەیاندنی کارەکەیان دەرباز دەبن ، بە مەرجێک هەتیوەکەی سەدام بە برینداری بە سیازدە گوللەوە لە پاش ئەوەی لە پەلوپۆ دەکەوێ ، لە چەقی ئەو شەقامەدا بەجێی دێڵن . ئەو لاوەی کارەکەی ئەنجام دابوو ، چونکوو لەلایەن حیزبوڵلای لوبنانەوە ڕاهێنرابوو و بۆ ئەوەی دەستی ڕژێم نەکەوێ و پەیوەندییە دەرەکییەکانی مامۆستا برایم جەعفەری ئاشکرا نەبێت ، دەسبەجێ و گەرماوگەرم گەیاندبوویانە ئێران . موخابەراتی عیراقی پارەیەکی زۆری بە خەرج دا تا ئەو لاوەی لە ئێراندا بە زیندوویی چنگ بکەوێ ، بەڵام حیزبی دەعوە لیی نەدەگەڕا ئەو مەرامەی بهێنێتە دی ، تا بە ناچار هەر لە ئێراندا بە کوشت درا ، بەڵام دووەکەی دی ئێستاش کەس نەیزانی کێ بوون و ئەو نهێنییە تا بە ئێستاش لەلای کاک برایم جەعفەرییەوە نەدرکاوە و بۆ کەس ئاشکرا نەکراوە .

حیزبی دەعوەی کاکە برایم جەعفەری خەڵکانی ڕەمەکی و کۆنە موستەشار و کۆلکە مەلا و جاش و خۆفرۆش و مەراییکەر و خاوەن فاییل و قۆنتەراتچی و بازرگانانی خوێنی تێدا بەدی ناکرێ ، حیزبێکی عەقائیدیی ئەوتۆیە کە زۆرینەی ئەندامەکانی یان کەسانێکی ئەکادیمی یان خاوەن شەهادەی بەرز و لە پلەیەکی ڕۆشنبیری و سیاسی بەرچاودان و لە سەر بەکارهێنانی هەموو جۆرە چەکێکیش ڕاهێنراون و هەمیشە بۆ ئەنجامدانی هەر داخوازییەک کە پێیان بسپێردرێ گیانبازێکی ئامادە و کۆک و تەیارن ، لە تێکرای وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ناوین ، لە مەودای نهێنی پاراستنیشدا لە پاش موسادی ئیسرائیلییەوە بە پلەی دووەم دێن . لە بواری ڕێکخستنیشدا شانەکانیان تەنیا لە دوو کەس پێک دێن و نابن بە سێ ، یەکەمیان لێپرسراوی کەسی دووەمە و بەس ، خەڵکانی نێو شانەکانیشیان هەمیشە لەژێر چاودێریدان ، بۆ ئەوەی نەخوازەڵا ئەگەر یەکێکیان بە دەستی ڕژێم گیرا ، دەسبەجێ لێپرسراوەکەی بشارنەوە و شوێنگومی بکەن ، ئیتر ئەگەر بەرگەی ئەشکەنجەی نێو زیندانەکانی ڕژێمیش نەگرێ ، لەو یەکە بەولاوە کەسی دیکە ناناسێ و تەنانەت نەشزانێ خزم و کەسوکاری ئەو لێپرسراوەی کێن و دانیشتووی کام شار و ناوی ڕاستەقینەشی چییە .

هەروەکوو باوە سەرەتا حیزبی دەعوە بە ناوی حیزبولغەزەب لە لایەن سێ کەسەوە دامەزراوە : سەیید مورتەزای عەسکەری ، شێخی ئاسەفی ، شێخ عەلی الکورانی . لە ناوەندی شەستەکانی سەدەی پێشوودا ، محەمەد باقر السەدر بە باوکی ڕوحیی ئەو حیزبە ناسرابوو ، کە پاشتر و لە پاش بەرپابوونی شۆڕشەکەی خومەینی لەگەڵ بنت الهودای خوشکیدا کە لەژێر چاودێری خودی سەدام حوسێندا ئەشکەنجە دەدران ، لە پێش چاوی براکەی دەیان سووکایەتییان بە خوشکەکەی کردبوو بەڵام بێهوودە ، تا دەرەنجام هەردووکیان لە ژێر باری ئەشکەنجەداندا بەبێ ئەوەی هیچ نهێنییەک بدرکێنن گیانیان لە دەست دا و شەهید کران . محەمەد باقر السەدر کە خاوەن دەیان کتێبی بەپێزی وەکوو : البەنک ئەللارِیبەوی ، ڕیسالەتونا ، فەلسەفەتونا . . . هتد ، وتەکانی ئێستاش لە گوێی زۆرینەی شیعەیاندا دەزرنگێتەوە کە دەیوت : پێویستە هەموو کەسێک خۆی لە ئیمامی خومەینیدا بتوێنێتەوە ، هەر وەکوو ئەو خۆی لە ئیسلامدا تواندووەتەوە . لە پاش کۆچی دوایی ئیمام خومەینی ، سەیید عەلی خامنەئی چونکوو بە ڕەچەڵەک تورکی ئازەری و فارسی ڕەسەن نەبوو ، لە پەنا ڕژێمی ئێران و لەژێر دەسەڵاتی ئەواندا ، وەسێتەکەی خومەینییان جێبەجێ نەکرد و ئێستاش خامنەئییان وەکوو سەرکردەیەک قەبووڵ نەکرد و کازم الحائریی ئێرانی نژادیان بە باوکی ڕوحیی خۆیان قرساند ، پاشتریش کە هەستیان بە لاوازی کەسایەتی و گوێڕایەڵیی الحائیری کرد لە ئاستی ڕەفسەنجانیدا ، خۆیان لەو مەرجەعییەتەش داتەکاند و محەمەد حوسێن فەزلوڵڵای لوبنانیان وەک مەرجەعییەتی خۆیان ناساند . شارەزایان ئەو کارەشیان هەر بە ڕووکەش و بۆ شاردنەوەی ئامانجە

سیاسییە نهێنییەکانی ئەو حیزبە دادەنێن ، کە لە حیزبێکی ئوسولیی تاکڕەو و توندڕەوی سیاسیدا خۆی دەنوێنێ . با ئەوەشمان لە بیر نەچێت کە هەرچەندە بە ئاشکرا نایدرکێنن بەلام لە ڕاستیدا گالتەیان بە ئایەتوڵلا سەیید عەلی السیستانی و حەکیم و موقتەدایش دێت و بە گوێرەی ویست و مەرام و ئارەزووەکانی خۆیان هەر یەک لەوان بەکار دێنن و یارییان پێ دەکەن و لە بواری سیاسیشدا بە پێسپی و نەخوێنەواریان لە قەڵەم دەدەن ، لە شارە پڕ شکۆکەی نەجەفیشدا ، هەموو خانووەکانی چواردەوری ماڵی ئایەتوڵلا سەیید عەلی السیستانیشیان کڕیوە و بە ناوی پاراستنەوە پشتێنەیەکیان بە هەر چوار دەوریدا کێشاوە و چاودێریی هەموو قسە و هەڵسوکەوتەکانی دەکەن .

لە ڕۆژهەلاتی ناوین و ولاتانی کەنداو و تێکرای ئەوروپا و ئەمریکاشدا ، بە سەدان سۆپەرمارکت و بازاڕ و ئوتێل و کارگەیان لە ژێر ناوی جیاجیادا هەنە ، زۆرینەی شاحینە بارهەڵگرەکان و لۆرییەکانی نێوان بەسرە و کوێت هی ئەمانە ، هەر ئەمانن کە بە شەراکەت لەگەڵ ئێراندا ، حەشیشە و تلیاک و ماددە سڕکەرەکانی دیکە لە ئەفغانستانەوە بۆ ولاتانی کەنداو دەنێرن . ئەمان بوون لە گەرمەی بۆردوومانەکەی شاری سنەی دێریندا ، بە ڕاگەیاندن لە نێو سوپای پاسداران و دامودەزگاکانی ئێراندا کوردیان بە پاشماوەی نەوەی جنۆکە پێناسە کردبوو . بە پێی سەرژمێرییەک کە لە دەوروبەری سالانی حەفتاکاندا ئەنجام دراوە ، ژمارەی عیراقییەکانی سەر بە حیزبی دەعوە بە تەنیا لە لوبناندا خۆی دەدا لە هەشت هەزار ئەندام ، لە هیچ چاپەمەنی و بەلاڤۆکێکی حیزبی دەعوەدا ناوی کورد یان کوردستان بەدی ناکرێت . بۆیە زۆرم پێ سەیر بوو کە سەرانی کورد کەوتبوونە کەڵکەڵەی ئەوەوە کە کاک برایم جەعفەری بەرەو پەرلەمانی کوردستان ڕاپێچ بکەن و جەنابیان بێت لەوێ بە شانوباڵی کورد و پەرلەمانی کوردستان و هێژا کاک مەسعوود بارزانیدا هەڵبدات . هەر لە سەرەتاوە بە برادەرانم ڕاگەیاند کە مەراسیمی دواکەوتنی سوێندخواردنەکەی سەرۆکی هەرێمی کوردستان ، باری ناهەمواری کەشوهەوا و تۆزوخۆڵ و ئەو ( عەجاج )ە نییە کە هێژا کاک عەدنان موفتی گوزارشی لێوە کرد ، بەڵکوو بۆ قاییلکردنی هێنانی ئاغای جەعفەری بوو بۆ بەشداریکردنی لەو بۆنە مێژووییە پیرۆزەدا ، کە پێشوەخت دەمزانی سەرانی کورد ئاسنی سارد دەکوتنەوە و دوای کلاوی بابردوو کەوتوون . ماوەیەکیش بەر لە ئێستا و لە کاتێکدا کاک برایم جەعفەری بە سەردان بۆ لای هێژا کاک مەسعوود بارزانی بۆ سەلاحەدین هاتبوو، یەکێک لە سەرانی پارتی زۆر بە دڵنیایی و لە سەر یەکێک لەو کەناڵە ئاسمانیانەوە بە زوبانی عارەبی ، وەک ئەوەی جەعفەری سەری لە سیاسەت و میاسەت دەرنەچێ و تائێستا نەیزانیبێ کێشەکانی کورد چی و چی بن ، باسی ئەوەی دەکرد کە پارتی توانیوێتی لەو سەردانەدا کاک جەعفەری بە کێشەی کورد و کوردستان بناسێنێ و ئاشنای بکات ! دەبێ ئاغای جەعفەری لە کانگای دڵەوە چەندێ بە عەقڵی ئەو قیادییە حیزبییە لێهاتووەی نێو پارتی پێکەنیبێ !

له هه‌مان كات و سات و ڕۆژی سوێندخواردنه‌كه‌ی هێژا كاك مه‌سعوود بارزانی له نێو كۆشكی په‌رله‌مانی كوردستاندا ، ته‌له‌فزیۆنی العراقییه و الفورات به‌ڵێنی گواستنه‌وه‌ی مه‌راسیمی سوێندخواردنه‌كه‌ی نێو په‌رله‌مانی كوردستانیان ڕاگه‌یاند ، كه‌چی له پێش ده‌سپێكی مه‌راسیمه‌كه به چه‌ند چركه‌یه‌ك ، هه‌موو شتێك ڕاگیرا و كامیرای هه‌ردوو كه‌ناله ئاسمانییه‌كه به‌بێ هیچ پێشه‌كی و ده‌سپێكێك گوێزرایه‌وه بۆ ناو په‌رله‌مانی عیراق له به‌غدا و كه‌وتنه پێداهه‌ڵدانی سه‌روسه‌كوتی الجه‌عفه‌ری ، كه گوایه ناوبراو بۆ وه‌ڵامدانه‌وه‌ی هه‌ر پرسیارێك كه لێی بكرێ ته‌شریفی ناموشه‌ڕه‌فیان بۆ نێو كۆشكی په‌رله‌مان هێناوه ! هه‌ڵوێستێكه و له لای هه‌ر كه‌سێك كه له ئه‌لفوبێی سیاسه‌ت بگات ، پێویست به هێچ تێڕامانێك ناكات ، ئه‌مه‌ش چووه پاڵ ئه‌و كڵاوه‌ی كه پێشتر جه‌عفری له كاتی سوێندخواردنه‌كه‌ی پێشوویدا به بازدان به سه‌ر وشه‌ی دیموكراتییه‌ت و فیدرالییه‌تدا له سه‌ر سه‌رانی كوردی نا و پاشتر به نیوه‌چڵ سوێنده‌كه‌ی دووباره كرده‌وه .

ڕۆژی شه‌مووی ڕابوردوو له كاتی پشوودانی سمیناره‌كه‌ی هێژا كاك دكتۆر جه‌بار قادر له‌مه‌ڕ كێشه‌ی كه‌ركووكه‌وه له ستۆكهۆڵم ، له‌گه‌ڵ برای هێژام ( ف . ش ) دا ڕووبه‌ڕووی لێپرسراوی ئه‌وروپای پارتی ، هێژا كاك تاها به‌روارى بووینه‌وه ، بێ سێودوو لێكردن به‌ڕێزی ناڕه‌زایی خۆی ده‌رباره‌ی نووسینه‌كانم ده‌ربڕی ، كه گوایه من مه‌سه‌له‌كان تێكه‌ڵوپێكه‌ڵ ده‌كه‌م و ئه‌وانیش ئه‌گه‌ر بخوازن وه‌ڵامی نووسینه‌كانی منیان پێیه ، كه ئاواته‌خوازم وا بێ ! برای هێژام ( ف ) ڕووی له هه‌ردوكمان كرد و له بری من وه‌ڵامێكی به پێزی كاك تاهای دایه‌وه كه وتی : به لای پارتییه‌وه گرنگ نییه پێشتر تۆ كێ بوویت و چی كاره بوویت و له كام سه‌نگه‌ردا بووبیت ، هه‌موو شتێكت لێ قه‌بووڵ ده‌كه‌ن ته‌نیا ڕه‌خنه‌لێگرتن نه‌بێت . منیش ده‌مێكه له‌و ڕاستییه تێگه‌یشتووم كه سه‌رانی پارتی خۆیان له سه‌رووی هه‌موو ته‌رزه ڕه‌خنه‌لێگرتنێكه‌وه داناوه ، بۆیه به هێژا كاك تاها به‌رواریم ڕاگه‌یاند كه من ته‌نیا ڕۆژێكیش چییه به‌عسیی ، جه‌یشی نا شه‌عبی ، جاش ، پسووله هه‌ڵگری خه‌فیفه ، به‌شداری قادسییه‌ی سه‌ددام ، ته‌نانه‌ت سه‌ربازیشم بۆ حكومه‌تی عیراق نه‌كردووه . سێ جاریش له شۆڕشی پیرۆزی ئه‌یلوولدا به‌شداریم كردووه كه دوو جاریان له ڕادیۆی كوردستان كارمه‌ند بووم و چه‌ندین جار به موو له مردنه‌وه نزیك بووم و به‌ڵگه‌شم بۆ دروستیی قسه‌كانم زۆرن ، له ناوه‌ندی هه‌شتاكانیشدا له زانستگای سه‌لاحه‌دین له هه‌ولێر كه سه‌رپه‌رشتی گۆڤاری ( زانكۆ )م ده‌كرد ، له هه‌مبه‌ر ئه‌و هه‌ڵوێستانه‌مه‌وه كه ئاماده‌بوونی به‌عسێتیم تێدا نه‌بوو ، به ناڕه‌وا دوچاری ئه‌شكه‌نجه‌ی زیندانه‌كانی به‌عس بووم كه له وڵاتی سویدا به ئه‌نجامدانی دوو عه‌مه‌لییات كه نزیكه‌ی ده ساڵی ڕه‌به‌قی خایاند له سه‌رم ته‌واو بوو .

ئێستاش وەکوو ڕۆژنامەنووسێکی کوردی بێ لایەن ، بە مافی ڕەوای خۆمی دەزانم لە ڕوانگەی بیری ئازادەوە کە دەزانم لە کوردستانەکەی مندا تا ئێستاش خەو و خەیاڵە و هێشتا بنەمای دانەناوە ، هەر دیاردەیەکی ناچیزە لە لایەن هەر تاک و دەستە و حیزب و تاقمێکەوە ببینم ، بەبێ سڵەمینەوە و سێودوو لێکردن ، وەکوو کەسێکی دڵهەڵقرچاوی بەئەمەک بۆ هاوزوبانانی زێد و خاکی پیرۆزی نیشتیمان و وڵات و بە پێی کێشی تەرازووی بۆچوونەکانی خۆم ، هەڵیاندەسەنگێنم و تاوتۆیان دەکەم و بە هۆی ڕەخنە لێگرتنەوە کە تاکە چەکێکی دەستی منە ، هەرچەندێکیش بە گران لە سەرم تەواو بێ ، بە ئەرکی پیرۆزی سەرشانی خۆمی دەزانم کە هاووڵاتییانی خۆمی لێ بەئاگا بهێنمەوە . ئەگەریش بە هەڵوێستی نووکی قەڵەمە کۆڵەکەی دەستی کەسێکی بێ دەسەڵاتی وەکوو منەوە ، پارتی بەو تەرزە سەغڵەت و تەنگەتاو بووبێ ، کەواتە پێویستە لە سەریان کە بە هەموو هەڵوێست و بۆچوونەکانی پێشووی خۆیاندا بچنەوە و سەرلەنوێ تاوتوێیان بکەنەوە . چونکوو تەنیا هەڵوێست و گۆڕانکارییە چارەنووسسازەکانی ئەمڕۆیە کە سبەینێ یان لە پاشەڕۆژێکی نزیک یان دووردا دەبنە بەردی بناغە بۆ ژیان و گوزەرانی نەوەی داهاتووی زێد و نیشتیمان و وڵات ، چ لە خۆشگوزەرانیی ژیانی ڕەهای دیموکراتییەت یان لە پەنا دۆزەخی دیکتاتۆرییەتدا . کۆتری بەهرەوەری دیموکراتییەت لە هیچ وڵاتێکدا هێلانە ناکات و بەو ئاوازە پڕ جۆش و خرۆشەی خۆیەوە ناگمێنێ ، ئەگەر دەربڕینی بیری ئازادی دوور لە سانسۆرەوە لە تێکڕای کوردستاندا پیادە نەکرێت و دامودەزگای سڤیلیی مەدەنی ، دوور لە دەسەڵاتی حیزبایەتییەوە دانەمەزرێت و دەزگاکانی بە تەواوی بنیات نەنرێت ، کە پێویستە خودی هەردوو حیزبە دەسەڵاتدارەکەی پارتی و یەکێتی بە ئەنجامدانی ئەو کارە پیرۆزەوە هەستن و بنچینەکەی بۆ داڕێژن .

لە گەڕەکی شۆرجەی کەرکووک ، لە پێش ئەوەی ڕژێمی بەعس لە کۆتایی هەفتاکاندا هەردوو خانووەکەمان بە سەردا بڕوخێنێ ، لەگەڵ ماڵی هێژا کاکە ئیحسانی باوکی هونەرمەندی گەورەی پایەبەرزی کورد ( چۆپی )دا پێنج ماڵمان لە نێواندا بوون ، ئێستاش بە یادی ئەو ڕۆژگارانەوە کە چایلێنانی عەسرانان لە نێوانماندا زۆر باوبوون ، ئەگەر میوانیشم نەبێ و تەنیا هەر خۆم لە ماڵەوە بم ، چایەکە هەر دەم دەکەم . ماڵی مام حەسەن نانەوا کە تازە بۆ کۆڵانەکەی لای ئێمە گواستبوویانەوە ، تا بڵێی دراوسێیەکی ڕێکوپێک و باش بوون ، کەوتبوونە نێوان ماڵی ئێمە و ماڵی برای هێژا کاک ئیحسانەوە ، تێکڕای سەربانەکانیشمان بە دەستووری خانووە شەرقییە قەدیمییەکان بە یەکترییەوە بەسترابوون ، ماڵی مام حەسەن نانەوا عەسرانان لە حەوشەدا بە دەوری سەماوەرە زەردەکەیاندا لێی دادەنیشتن و کاسێتێکی پڕ نوکتەیان هەبوو ڕۆژانە وەکوو فەرز هەر ئەو کاسێتەیان لێدەدایەوە ، تەنانەت ئێمەی دراوسێش بە هۆی لێدانەوەی ڕۆژانەی ئەو کاسێتەوە ، تێکڕای نوکتەکانیمان ئەزبەر کردبوو . ئەوەی بۆ ئێمە سەرنجڕاکێش بوو ، بە

درێژایی ساڵ ، وەکوو ئەوەی جاری یەکەمیان بێ گوێیان لەو نوکتانەی نێو ئەو کاسێتە بووبێ ، لە کەفوکوڵی سەماوەرەکەیان زیاتر بەو نوکتانە دەهاتنە جۆش و خرۆش و دەیاندایە قاقای پێکەنین ، ئێمەش لە سەربان بە قاقاکانی ئەوان دەماندایە قاقای پێکەنین ، ئەوانیش وای بۆ دەچوون کە ئێمەش بە نوکتەکانی نێو کاسێتەکە پێ بکەنین ، بۆیە ئەوانیش لە لای خۆیانەوە دوو هێندەی دی دەنگی تەسجیلەکەیان لێ بەرز دەکردەوە .

ڕەفتارەکانی ئەم ڕۆژگارانەی پارتی دیموکراتی کوردستان لەمەڕ هەڵبژاردنی سەرۆکی هەرێمی کوردستانەوە ، کوتومت لێدانەوەی ڕۆژانەی کاسێتی نوکتەکانی ماڵی مام حەسەن نانەوا و قریشکەی پێکەنینەکانیانم وەبیر دەهێنێتەوە . لە هەموو وڵاتانی دونیادا سەرۆک کۆمارێک کە هەڵدەبژێردرێت ، مێژووی ژیانی ئەو سەرۆکە باس لێوە دەکرێت نەک مێژووی ژیانی باوباپیرانی ، کەسێکی نەشارەزا ئەگەر گوێبیستی تەلەفزیۆنەکەی پارتی بێت ، وای بۆ دەچێت کە هێشتا ڕابەر و پێشەوای دێرینی میللەت و نەتەوەی کورد ، باوکی هێژا مستەفا بارزانی نەمردووە و ئەوە کە ئێستا بۆ سەرۆکایەتیی هەرێم هەڵبژێردراوە نەک هێژا کاک مەسعوود بارزانی . کێ بێ ئەوەندە بێ ئەمەک بێ پاڵەوانێتی و قارەمانێتی و ڕابەرایەتیی هێژایان شێخ عەبدولسەلام و شێخ ئەحمەد و بابە گەورەی کورد مەلا مستەفای بارزانی لە بەرچاو نەبێت ، نەک تەنیا بە لای کوردەوە ، تەنانەت بە لای نەیارانی کوردەکەشەوە هەمیشە ئەو سەرکدانە مایەی ڕێز و نەوازش بوون و هەتا هەتایە هەر واش دەمێننەوە . تۆ بڵێی خاڵێکی پرشنگدار لە مێژووی خەباتی هێژا کاک مەسعود بارزانیدا ڕەچاو نەکرێت ، تا بەو تەرزە چەواشەیە تەلەفزیۆنەکەی پارتی هەر ئەو کاسێتە بەسەرچووانەی ڕابوردوو لێدەدەنەوە ، کە دەمێکە بوون بە دیرۆک و مێژوو و پێویستە ئێستا بە شانازییەوە وانە و پەند و هەڵوێستی مێژوویيان لێوە هەڵێنجرێ ، نەک لە پێناو دەسکەوتێکی کاتی و بەرژەوەندییەکی تەسکی حیزبایەتیدا بکرێن بە کەرەسەی پڕوپاگەندەی هەرزان و پێدا هەڵدانی ئەم و ئەو ؟ کە ڕاستەوخۆ دەچنە خانەی ناوزڕاندنی ئەو زاتە پیرۆزانەوە نەک ڕێزلینانیان ، تۆ بڵێی ڕاگەیاندنەکەی پارتی ئەوەندە بێ هێز و لاواز و لە ئاستی داهێناندا هێندە لەرزۆک و کۆڵەوار بێت ، کە ئاستی پەخش و ڕاگەیاندن و دەربڕینەکانیان لە بەرزکردنەوەی دروشمی ئاڵووالای سەردەمانی حەفتاکانی سەدەی پێشوو بەولاوە هیچی دیکەیان پێ نەمابێت ؟ شاعیرێکی عارەب دەڵێ :

( ان الفتی من یقول ها انا ذّا        لیس الفتی من یقول کان ابی )

بۆ کێشەیەکی بچووکی وەک سەرۆکایەتیی هەرێمی کوردستان ، کە ئەگەر خودا بۆ دایک و باوکی خۆی بیهێڵێتەوە و عومرێکی درێژی پێ عەتا بکات ، چوار ساڵ زیاتر ناخایەنێ ، تۆ بڵێ هەشت ، ئایا لەم بارودۆخە ئاڵۆز و ناسکەی کە ئەمڕۆ کوردە

داماوەکەی ژێر چەپۆکەی ئێوەی پێدا تێدەپەڕێ ، ئەو هەویرە بۆ دەبێ ئەوەندە ئاوکێش بێ کە بە هەڵپەسێنراوەیی کێشە چارەنووسسازەکانی کوردستان چوار مانگی ڕەبەق درێژە بکێشێ و دوابکەوێ ؟ خۆ نابێ هێژایان کاک مەسعوود و مام جەلال لەمەشدا دەستە چەورەکەی خۆیان بە کوردەکە بسڕنەوە و ئەمجارەش وەکوو جاری پێشوو خۆیان لە تاوانی کوشتار و دووبەرەکیدا بێ گوناە و کوردەکەی پێ تاوانبار بکەن ؟ ڕۆژی دەسنیشانکردنی دەسەلات و سوێندخواردنی سەرۆکی هەرێمی کوردستان ، کە بۆ جاری یەکەمە لە مێژووی پڕ شکۆی کوردستاندا بەرجەستە دەبێ . بە ڕۆژێکی پیرۆزی نەتەوایەتی دەژمێردرێ لە ژیانی هەر میللەت و نەتەوەیەکدا ، نەدەبوو پارتی بیکاتە بۆنەیەکی تەسکی حیزبایەتی و نەدەبوایە لە بری ئالای پڕ شکۆی کوردستان بە هەڵکردنی پەڕۆی زەردباوەوە گوزارشی لێوە بکرێ . لە کاتێکدا هەمووی سێ ڕۆژ بەر لە ئێستا هێژا کاک مەسعوود بارزانی لە نێو تەلاری پەرلەماندا لە وتارەکەیدا فەرمووی : دەبێ خۆمان لە حیزبایەتی تەسک و بەرچاوتەنگی و ململانێی بێ ئەنجام خۆمان بە دوور بگرین . خۆزیا ئەگەر بۆ تەنیا جارێکیش بوایە ، پارتی قسەکانی لەگەڵ کردەوەکانیدا یەکیان دەگرتەوە ، هەر وەکوو ڕێزلێنانێکیش بوایە لەو بەڵێنانەی هێژا کاک مەسعوود بارزانی دەبوا پارتی بۆ سڕینەوەی هەموو کول و برینێکی پێشوو ، وەکوو بۆنەیەکی نەتەوەیی گوزارشی لێوە بکردایە . کەواتە ئەگەر چوار ساڵی دی هێژا مام جەلال هەڵبژێردرا دەبێ ئەوانیش خۆتانئاسا بە پەڕۆی سەوزەوە گوزارش لەو ڕۆژەوە بکەن . بەردێکە و نەزان دەیخاتە گۆمەوە ، ئاوێکە و بە نەفامی دەیرێژن و لەوانەیە ملی ئەم تەبا ناتەباییەی ئێستای تێدا بشکێ ! لەمەشدا ئەوە بەدەر دەکەوێ کە هێژا جەنابی کاک مەسعوود بارزانی هیچی بە دەس نییە و مەمالیکەکانی مەکتەبی سیاسییەکەی حاکمی ڕاستەقینەی گۆڕەپانەکەن و هەر ئەوانیش بڕیاری بۆ دەدەن ! ڕابەر دەبێ بڕیاردەر بێ ، ئەو ڕابەرایەتی و پێشڕەوایەتییەی کە من لە هێژا کاک نێچیرڤان بارزانی و پێشتر لە خوالێخۆشبوو کاک ئدریس بارزانیدا دەمبینی و دەیبینم ، بە داخەوە لە زاتی سەرۆکی هێژا کاک مەسعوود بارزانیدا نایبینم .

هەموو وڵاتێکی ئەم سەرڕووی زەمینە ئەگەر بیەوێ بە ڕاستی و بێ فریودان سیستەمی دیموکراتییەت بۆ هاووڵاتییانی خۆی دەستەبەر بکات ، پێشوەخت دەبێ سەروەریی یاسا بپارێزێت و ئاسەواری مەحسووبییەت و مەنسووبییەت لە ڕەگوڕیشەوە هەڵکێشێت و دامودەزگای مەدەنی دامەزرێنێت . دیموکراتییەت درۆیەکی زلە ئەگەر مامە و کاکە هەر لە ئێستاوە کوڕ و برا و برازاکانی خۆیان لە پێشەوەی هەر دانوستان و کۆڕ و دانیشتنێکدا قوت بکەنەوە و هەر لە ئێستاوە ئەوەمان بە گوێدا بچرپێنن کە ئەمانیش هەن و لە سرەدا ڕاوەستاون ! خۆ ناشێ بڵێن ئەوەتا لە پاش بۆشی باوک ، بۆشی کوڕ بوو بە سەرۆکی ئەمریکا . بۆشی کوڕ بە توانا و کارامەیی و لێهاتوویی سیاسیی خودی

خۆیەوە بوو بە سەرۆکی ئەمریکا نەک لەبەر خاتروخۆتر و ناوبانگ و دەسەڵاتی باوکی ، شوێن دەستیشی بە ئاشکرا دیارە کە زۆر لە باوکی و سەرۆکەکانی پێشووتریش کارامە و لێوەشاوەترە . بۆ بەڵگە کەسایەتییەکی پیرۆز و سەروەری جیهانیی وەکوو هێژا نیلسۆن مەندێلا ، کوڕەکەی لە گەندەڵیدا ( نۆنوخشەی لە دەسەڵاتدارانی کوردی لای ئێمەش بکەوێ ) بە نەخۆشیی ئایدز شوێنەواری خۆی سڕییەوە . لە وڵاتی سویددا دۆسییەی قوتابخانەی هەر منداڵێک ، ئیتر با کوڕی پاشای سوید یان کوڕی سەرەک وەزیران یان کۆڕە لادێ و کوڕی جوتیار و کرێکارێک بێ ، دۆسییەی قوتابخانەکەی و کارامەیی خۆی بڕیاری بۆ دەدات ، کرێکارێکی بیناسازی لێ دەرچێت یان ئەندازیارێک ، کەناس ، سستەر ، پۆلیسێک یان وەزیر و مامۆستای زانستگایەک . سەرەک وەزیرانی ئێستای سوید خەڵکی کوێرە دێیەکی وەکوو کاترینەهۆڵمە و لەبەر کارامەیی خۆی لە لادێوە هێنایان و کردیانە سەرەک وەزیران . لە وڵاتەکەی ئێمەشدا حیزبەکانمان بە بۆنە و بەبێ بۆنە کە لە ڕاگەیاندنەکانیاندا هەمیشە گوزارش لە ژیانی پەرلەمانی و دیموکراتییەتەوە دەکەن ، لە باوکەوە بۆ کوڕ و کوڕەزا و تیتکەزا و لە برا گەورەوە بۆ برا بچووک ، بەبێ لەبەرچاوگرتنی هێچ یاسا و ڕێسا و پێودانێکی سیاسی ، ڕۆشنبیری ، کارامەیی ، لێوەشاوەیی ، بە میرات و تاپۆی ڕەشەوە بۆ یەکدی بەجێی دێڵن . مادام ئێستا ئەو سەرۆکی منە ، دەبێ پاشەڕۆژ کوڕەکەشی سەرۆکی کوڕەکەی من بێت و نەوەی کوڕەکەشی دەبێ سەرۆکی نەوەی کوڕەکەی من بێت و سامان و دارایی و قۆنتەراتی هەموو پرۆژەکانیش دەبێ برا و برازا و دەستوپێکانی ئەوان بە قۆنتەراتچیی دوومی بفرۆشنەوە و ئەوانیش دوور لە هەموو چاودێرییەکەوە بە ئارەزووی خۆیان پرۆژەکان جێبەجێ بکەن . ئایا ئەمەیە ئەو شێوە دیمکراتییەتەی کە پارتی و یەکێتی لە سەدەی بیستویەکەمدا بانگەشەی بۆ دەکەن ؟ بازاڕێکە و کەرامەتی مرۆڤی کوردی تێدا بە نرخێکی زۆر هەرزان هەڕاج دەکرێت .

هێژا کاک مەسعوود بارزانی تاوەکوو ئێستا چەندین جار ئەوەی لە سەر کەناڵە تەلەفزیۆنییەکەی خۆیانەوە دووپات کردووەتەوە کە تورکمان لە کەرکووکدا ئەگەر یەک تاکە کەسیش بن کەمینە نین ، من دڵنیام تاوەکوو ئێستا هێژا کاک مەسعوود بارزانی جیاوازی لە نێوان کەمینە واتە ( کەمە نەتەوایەتی ) و نەتەوەدا ناکات . لە هەموو ڕۆژهەڵاتی ناوڕاستدا جیاوازیی سەرەکی لە نێوان نەتەوە و کەمەنەتەوەدا وێڕای زمان ، ئایین . . . هتد ، ( خاک )ە ، نەتەوە خاوەن خاکی ئەو زەمینەیە و کەمینە پاشماوەی نەتەوەیەکی دیکەیە و لەبەر هەرچی هۆیەک بێ ئێستا لە سەر خاکی نەتەوەکەی دیکەدا وەکوو میوانێک دەژی نەک خاوەن ماڵ ، کە بە پێی یاسا نێودەوڵەتییەکان ، مافی ڕۆشنبیریی پێ ڕەوا دەبینرێ نەک قەوارەی سیاسی . بۆ بەڵگە ئەگەر کورد لە لوبنان یان میسر دە هێندەی عارەب زیاتر بن ، کورد لەو شوێنانە بە کەمە نەتەوایەتی ( کەمینە )

دەژمێردرێن نەک نەتەوە ، ئیتر بە هەمان شێوە تورکمان و کلدوئاشووری و ئەرمەنی و جوو لە کوردستان ، چونکوو ئەوان پاشماوەی ئایینە کۆنەکان یان ئیپراتۆرییەتێکن و لە دێر زەمانەوە سیستەمی ئیمپراتۆرییەت لە جیهاندا نەماوە و هەڵوەشاوەتەوە . جەنابتان ئەگەر تورکمان بە کەمینە نەزانن ، واتە ئەوان خاوەن خاکی کوردستانن نەک کورد ، چونکوو بە درێژایی مێژوو ڕووی نەداوە کە دوو نەتەوە خاوەن یەک خاک بن ، تورکمان لە کوردستاندا ئەگەر پاشماوەی دەوڵەتی عوسمانیش نەبن (وەک خۆیان قاوی بۆ دەدەن و خۆشیان سوور دەزانن کە درۆ دەکەن ) کەواتە خەڵکی تورکمەنستانن و بەو پێودانگەش بێ هەر بە کەمینە دەژمێردرێن . تورکمان و بەرەی تورکمانی ئەگەر ئەو قسەیە لە سەر هێژا کاک مەسعوود بارزانی بکەنە ماڵ ، دەبێ کورد خاکی کوردستانیان بۆ بەجێ بهێڵێ و بڕوا لە سەر مانگ یان هەر ئەستێرەیەکی دیکە کوردستانێک بۆ خۆی بدۆزێتەوە . تەنیا میللەتێک لە جیهاندا کە خاوەنی خاک نەبێت ( قەرەج ) ە ، بۆیە بەپێی یاسای نەتەوە یەکگرتووەکانەوە لە هەموو جیهاندا مافیان پارێزراوە .

هەموو سەرۆک و سەرکردەیەک لە جیهاندا ڕاوێژکاری هەیە ، پێویستە لە هەموو بۆنەیەکدا پێشوەخت بیروڕا لەگەڵ ڕاوێژکاری تایبەتیدا بگۆردرێتەوە ، چونکوو پێشینان دەڵێن : بیبێژە ، بیگێژە ، ئەوجا بیوێژە ، واتە هەموو شتێک دوو جار بیری لێ بکەرەوە ، ئەوجار دەری بڕە . هەرچەندە من دەزانم هێژا کاک مەسعوود بارزانی ڕاوێژکاری ئەکادیمیشی هەیە و مانگانە پارەی چاکیشی بۆ بڕیوەتەوە ، بەڵام تاوەکوو ئێستاش وەک خۆی دەڵێ یەک ڕاوێژیان پێ نەکردووە ! چونکوو ئەوان بە خێزانی هەموو نەبەردی و کارامەییەکیان لە باوباپیرانەوە بە میرات بۆ ماوەتەوە و هەر کارێکیش ئەوان پێی هەستن و ئەنجامی بدەن ، ڕەخنە قەبووڵ ناکات و پێویستیشیان بە ڕاوێژی هیچ کەسێک ناکەوێت . وتارەکەی سەرۆکی هەرێمی کوردستان هێژا کاک مەسعوود بارزانی ، ئایا نەدەکرا خودی خۆی لەگەڵ ڕاوێژکارەکانیدا بیانووسیبایەتەوە ، تا هەر نەبوایە بە کوردییەکی نزیک بەو کوردییەی کە لە بۆنەکانی دیکەدا قسەی پێ دەکات داڕێژرایە نەک بەو ئوسلووبە ئەدەبییەی کە زۆبانی لێی تەتەڵەی دەکرد و دەمیش لە ئاستی دەربڕینەکاندا گۆی نەدەکرد ، ئایا ئەو ڕۆژە پیرۆزە جێی کەرنەڤاڵی ئەو دەربڕینە ئەدەبییە بوو ، یان ڕۆژی دەستەبەرکردنی پرۆژەیەکی پڕ بە پێستی ئەوتۆ بوو کە لە ماوەی ئەو چوار ساڵەدا خزمەتێک بەو کوردە بگەیەنێ ؟

وا بۆ شەست ساڵی ڕەبەق دەچێت پارتی لافی دیموکراتییەت لێدەدات ، ئایا تاوەکوو ئێستا توانیوتانە تەنانەت لە نێو حیزبەکەی خۆتانیشدا دیموکراتییەت بەرقەرار بکەن ، تا بەو تەرزە مزگێنی ژیانی دیموکراتییەت لە کەناڵی میدیاکانتانەوە بە گوێی هەر چوار پارچەکەی کوردستاندا ڕادەگەیەنن ؟ کوردپەروەرێکی وەکوو هێژا کاک جەوهەر نامیق

لە مەکتەبی سیاسیی لادەدرێ ، ئایا تاوەکوو ئێستا کەس زانیویێتی بۆچی لە ( م . س ) دەرکرا ؟ حیزبێک ئەگەر ئەندامێکی مەکتەبی سیاسییەکەی خۆی فنیش بکات ، ئەی نابێ یەکێکی کارامەتر لە جێگاکەی ئەو دابنێتەوە ، کە لەو بڕوایەدام تێکڕای مەکتەبی سیاسییەکەی ئێستایان لە کوردپەروەریدا ، جەوهەر نامیقێکی لێ دەرناچێ . کەسێک ئەگەر نەتوانێ بۆ خودی خۆی ببێت ، چۆن بڕوای پێ دەکرێت ئەگەر لافی ئەوە لێ بدات کە خزمەت بە خەڵکانی دیکە دەگەیەنێت و بۆ خەڵکانی دیکە دەبێت ؟

وا بزانم جەماوەری کوردی خاوەن هزر و بیری ڕەها و ئازاد بە هەموو توێژ و چینەکانییەوە ، لە بەرایی هەمووشیانەوە چینی قوتابییان کە لە هەموو جیهاندا و هەمیشە پێشەنگ و سەرەنێزەی هەموو وەرچەرخان و بەرەوپێشچوونەوە و گۆڕانکارییەک بوون ، بە تایبەتیش لەم قۆناغە ئاڵۆز و ناسکەی ڕزگاری نەتەوەییماندا ، لەو بڕوایەدام کاتی ئەوەیان هاتبێ کە لەمەودوا بە هیچ دروشمێکی بریقەدار و ڕیکلامی هەرزان و پڕوپاگەندەی لەخشتەبەری ، هیچ پارت و لایەنێک هەڵنەخەڵەتێن و فریو نەخۆن ئەگەر بێت و ئەو قسانەیان کردەوەی لەگەڵدا نەبوو . خوداوەند بە حەزرەتی عیسای پێغەمبەر دەڵێت : ( عظ نفسک اولاّ ، فان اتعظت فعظ الناس والا فاستحی منی ) واتە ئەو داخوازییەی کە دەتەوێ لە خەڵکانی دیکەی بکەی ، پێشوەخت خۆت بە کردەوە بیکە و بیسەلمێنە ، ئەو کاتە باسی لێوە بکە ، ئەگەرنا دەبێ لەمن شەرم بتگرێ ! واتە دەبێ کردەوە لە پێش قسەکردنەوە بێ .

ستۆکهۆڵم _ سوید _ **16 – 06 – 2005**